

رۆژ هەڵەبجەیی

## تا ئەبەد عیشق دەڕژێ

هەر دەم پڕم لەو خورپانەی
کە چرکەکانی دڵم تیرۆر دەکەن ..
لە خاکەلێوەی خەیاڵەوە بەمەستی,
هاتم و گوناهێ بوو ..
بێ دەنگیم تالاَن کرد و لە خۆڵی دەستەکانمدا
حەشارم داو تاوانێ بوو,
وا ئێستاش پەیڤی شانەیەك,
رەشەبای پرچەکانم ژیردەکاتەوە و
بە شاباڵی فڕینێك دەیانڕوێنێ,
بۆ ژوانی گوڵدانێك ..
تۆ بڵێی ئەم هەموو حەسرەتەم
دەخیلی عیشق بێ ...
دەڵێن ؛ عیشق زمانێکە تەرجەمەی نی‌یە ..
ئەشێ ژانی بوونیشی کەلەکە بووبێ,
لای ژەنەڕاڵەکانی ئازادی ..
ئا ئەوەتا باخی گشتی
مەعشوقیانە و تا ئەبەد عیشق دەڕژێ ..
منیش تەلی زەینم بەرامبەریان ڕاکشاوەو
بە شاهیدی ئەوان
لە تقوسێکی گەمژەدا و
لە ناو شەپۆلەکانی نەستا
ئێوارە لەخۆم دائەماڵم و
بە شەرعیەتی مانگی ئەسپێرم,
پێکەنینی (با) ئەدڕێنم و
بە پێچی کۆلاَنەکانی خەمەوە
ئایدیام دەبەمە سەر کەنارەکانی مناڵی و
جەستەم لەو درۆیانە ئەتەکێنم,
کە دڵیان بردم بۆ حوجرەکانی چاوەڕوانی ...
ئەی ژەنەراڵەکانی ئازادی ... ئێوە
لە ڕێگەیەکدا تامی شەهیدیتان چەشت
عیشقی نیشتمان لە فەنەری هەنگاوەکانتانا
دەچۆرا و .. ناڵەی یاخی بوونی,
ئەستێرەکانی سەرشانتان,
تژی بە پرژەی نوێژەکانی خاك و
وێردەکانی خوا .. !!
وا ئێستا لەبەردەم پەیکەرەکانتانا
دەنگی خنکاوتان ئەزبەر ئەکەم ...
چونکە هەردەم ورەی هەتاو ..
لە دەستەکانتانا چێ دەکا و نەفرەت
لەوورتەی چاوەڕوانی ..
ئەشێ ئەمن چاوەڕوانی چی بکەم ؟!
دڵی ئێوارەم لەت لەت کرد و تۆ نەهاتی ..

جریوەی هەوری چۆلەکە سیاسیەکانم
نارده سۆراخی باران و تۆ نەهاتی

دەنگی لوولی کەنارییە وەرسەکانم پێچا,
بە کەنارنەڤاڵی پایز و تۆ نەهاتی ..
گمەی کۆترە قەیرەکانم کردە قردێلەی سەرو تۆ نەهاتی
سکی خۆرنشینم پڕکرد,
لە نوتفەکانی شەو و تۆ هەر نەهاتی ...!!
بێ هودەیە فرمێسکی مۆمێك بچنمەوە
لە وانەیەکی شەهید بوونی پەروانەدا,
عیشق نەڕژێ .. بێ هوودەیە ئاهێك لەسەبووری
بە دەستەکانمەوە شیعر دەنوسێ و
دەگەرێتەوە بۆ ماڵەکانی تەنهایی ..
وێرانە خۆم .. من لە دەرگاکانی هیچەوە هاتم و
وەهمەکانی کۆتایی دەمنێژێ ..
تازە ناچمەوە سەر مشایەخەکانی متمانە
متمانەیەك بمکاتە لقی پەنجەکانی و
هەڵمواسێ بە سێدارەی ماچێ .. !!
دوا وەسیەتیشم ئەوەیە
دێڕێك لە ئۆقرە شك نابەم
بۆ بەرسیلەکانی ئەوین,
هەتا ترێی عیشق هێشوی خەڵوەت بنوسێ ...
چیتر پەیڤین لەسەر دەنگم مەکەن ..
بێ هوودە ڕێتمی ئەم پەنجانە باوێشك ئەدا و
خەوێك لە خەوا میقات ناکا .. !!

ڕۆژ هەڵەبجەیی